# حوکمی ووتەی ئەو موسڵمانەی کە بە برایەکی دەڵێت هەی گێل، هەی بێ عەقڵ

[ کردي – کوردی – kurdish ]


شێخ عبد العزیز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم قول المسلم للمسلم يا غبي يا خبل

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمه: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی ووتەی ئەو موسڵمانەی کە بە برایەکی دەڵێت هەی گێل، هەی بێ عەقڵ

ئـەم پرسیارە ئاڕاستـەی شێخ عبدالـعزیز بن باز کراوە (ڕەحمەتـی خوای لـێ بێت ) :

**پرسیار**: ئـایا حـوکمـی ووتـەی ئـەو موسڵمـانـەی کـە بـە بـرایـەکـی دەڵێت هەی گێل، هـەی بـێ عـەقڵ، و هاوشێوەی ئـەم ووتـانـە، یـان بـە کۆمـەڵێك لـە موسڵمـانـان بڵێت : هـەی ئـیمان لاوازیینـە، ئـەگـەر ئـەم ووتـانـەش جێ بـەجێ ببێت بـەسـەریـاندا؟

**وەڵام** : سوپـاس بۆ خـوای گـەورە ومیهرەبـان، وە درود و صـەڵات وسەلام لـەسـەر محمد المصطفی وئـال وبـەیت ویار ویاوەرانـی هـەتا هەتایە .

ئـەوەی ڕێگا پێدراو و مـەشروعـە ئـەوەیـە کـە باوەڕدار کـە بـە جوانترین شێوە قسە لـەگـەڵ موسڵمـانـاندا بکات وبـەو نـاوانـەوە بـانگیان بکات کـە نـاو نراون، پاشان ئـەگـەر وویستـی ئـامۆژگاریان بکات و ڕەخنـەیان لـێ بگرێت بـە شێوەیـەکـی ڕێکوپێك وشیاو

ئامۆژگاریان بکات، چونکە بەم شێوەیە ئەگەری زیاترە کە ئامۆژگاریەکان جێگای خۆیان بگرن وبرایەتیە ئیمانیەکەش وەك خۆی بمێنێتەوە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ﴾ [سورة التوبة : ٧١ ] واتا : ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان هەندێکیان خۆشەویست و پشتگیرو پشتیوان و هاوکاری یەکترن .

پشتیوان و پشتیگریش دژی دوژمنایەتیە، یەکێك لە صیفاتەکانی مرۆڤی پشتیوان و پشتگیریش ئەوەیە کە بەو شێوەیە قسە لەگەڵ براکەیدا بکات کە دڵی پێی خۆشە نەك بەو شێوەیە کە پێی ناخۆشە، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « البر حسن الخلق » [رواه مسلم في البر والصلة برقم ٤٦٣٢، والترمذي في الزهد برقم ٢٣١١ ] واتا :چاکە و کاری خێر بریتیە لە خو ڕەوشت جوانی .

هەروەها فەرموویەتی : « إنكم لا تسعون الناس بأموالكم ولكن ليسعهم منكم بسط الوجه وحسن الخلق » [ أخرجه أبو يعلى وصححه الحاكم ]

واتا : بێگومان ئێوە ناتوانن بە سەروەت و سامانتان جێگای خۆتان لە دڵی خەڵکیدا بکەنەوە، بەڵکو دەتوانن بە ڕوو خۆشی و خوو ڕەوشت جوانی دەتوانن جێگای خۆتان لەدڵیاندا بکەنەوە .

هەروەها پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : « ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا الفاحش ولا البذيء » [ رواه الترمذي في البر والصلة برقم ١٩٠٠ واللفظ له، وأحمد في مسند المكثرين برقم ٣٧٥٢ ] واتا : مرۆڤی باوەڕدار تانەدەر و نەفرینکار و دەم پیس و جوێن فرۆش نییە .

خوای گەورەش زاناترە .